# وتوێژی هەفتەنامەی چاودێر

## لەگەڵ سالار پاشایی - ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## سەبارەت بە بارودۆخی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات

**سازدانی؛ مادح ئەحمەدی**

**هەفتەنامەی چاودێر - سلێمانی**

**پرسیار؛** هۆکاری ئەو لێکدابڕانانەی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟مەبەست لەو لێک دوورکەوتنەوەیە، دابڕانی فیکری و گوتارییە؟

**سالار پاشایی؛** بە بڕوای من هۆکارەگەلی جۆراوجۆر دەتوانێ فاکتەری جیابوونەوەو دابڕان بێت لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکارێکیان بکەین، هەرچەند لام وایە کە ئەم پرسە گرنگە دەبێت لە ڕوانگەو خانەی پاتۆلۆژی حیزبە سیاسییەکانو لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وردبینانە، دەرنجامەکانی بە شێوازێکی کۆنکرێت بخرێتە بەرچاو. لە هەرحاڵدا یەک لە هۆکاری دابڕان لە نێو حیزبەکاندا، ولامدرەوە نەبوونی پڕاوپڕی پێکهاتەی حیزبی حیزبەکانە کە لەم سەردەمەدا زیاتر لە هەرکاتێک پێویستی بە پێداچوونەوەو چاکسازی هەیە، لەبەر ئەوەی هەروەکوو ئێمە زۆر جار لە چەند ساڵی رابردوودا(لانیکەم لە کۆنگرەی10وە) تیشکمان خستۆتە سەری، تیۆری ئەم پرسە وەکوو پرۆژەیەکی گەلاڵە کراوی چاکسازی حیزبی، لە پێویستیەکانی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کوردستانو هاوئاهەنگ بوونو توانایی زیاتر بۆ ولامدانەوە بەم پێویستییانە سەرچاوە دەگرێ، زۆر بواری وەک ئۆرگانیزە کردنی کۆمەڵایەتیو تەشکیلاتی، ڕاگەیاندنی بەهێز، دیپلۆماسی جیهانیو رەهبەری یەکگرتوو و هتد، دەتوانین وەک نموونە ئاماژەی پێبدەین.

یەک لە هۆکارەکانی دیکە دەتوانین رفرنس بدەین بۆ بێ پرۆژەیی ئۆپۆزیسیۆنە ناوخۆییەکانی حیزبەکان کە ئاکامێکی جگە لە دابڕان لێنەکەوتۆتەوە، هەروەک هەموومان دەزانین چاکسازی و ریفۆرم لە هەر شوێنێکی پچووکەوە بگرە هەتا دەوڵەتێکی گەورەی مۆدێرن، دەبێ لەسەر بنەمای پێشکەش کردنی پرۆژەیەکی دیاریکراو بێت. پرۆژەیەکی وەها پێویستە هەڵقولاَی لێکدانەوەیەکی قووڵو وردبینانەی فکری بێت کە بە شێوەیەکی عەینی، زەمینە مادییەکانی پێویستی گۆڕانکارییەکانی تەحلیل کردبێو ئامادەیی تەتبیق دان لەگەڵ ئەو میکانیزمە ئیجرائییەکانی بۆ وێنە لە نێو حیزبێکی سیاسیو هەڵێنجراو لە پێڕەوی ناوخۆی حیزبەکەی لەبەرچاو گرتبێت. بێگومان ئەو ریفۆرمەی لە بازنەی داخروی دروشمگەرایی، بێ پرۆژەییو گێرەوکێشەی تەشکیلاتیو ئەخلاقی قەتیس دەمێنێتەوە، زۆر ئەستەمە بتوانێ ئەو ئامانجانەی بۆخوی دیاریکردوە بیپێکێتو گۆڕانێکی پۆزێتیڤ کە ببێتە بنەمای پێکەوە گرێدانی خەڵکەکە(ئەندامانو رێبەریو لایەنە پێک هێنەرەکانی حیزب) بێنێتە ئاراوە. بە داخەوە زۆرجار بینیومانە کە بەشێکی زۆر لە هۆکاری گرژ بوونو ئیختلافو هەڵنەکردن، بە جێگەی ریفۆرمی ڕاستەقینەی

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

حیزبی، هۆکارێکی ئەخلاقی بووەو نەیتوانیوە بەر بەکاریگەریی خراپی سایکۆلۆژیکی ئەم پرسە بگرێتو بەکردەوە ئاراستەی کێشە تەشکیلاتییەکانی بە تەواوی گۆڕیوەو ئامانجەکانی هەرچەشنە ریفۆرم لە پێناو هەڵکردنو گۆڕانێکی پۆزێتیڤی لە ناوەڕۆک خاڵیو بێ ئاسۆی کردووە. پرۆژەیەکی دیاریکراوی چاکسازی دەبێ لە ناخی خۆیدا هەڵگری تۆخمێکی ئەقلانی بێت کە توانایی پێشکەش کردنی چەمکی نوێو گوتاری تازەتر بۆ پێناسەکردنو دیاریکردنی پێویستی گۆڕانکارییەکانی هەبێت. هەروەک بەختیار عەلی دەڵێ "دوژمنانی راستەقینەی ریفۆرم ئەو ئۆپوزیسیۆنە ئەخلاقییەیە کە ناتوانێ خۆی لە بازنەی داخراوی ئەخلاقییات رزگار بکاتو بێ پرۆژەیی خۆی دەسەلمێنێت."

بەگشتی من لام وانیە ناوەڕۆکی هۆکارەکانی دابڕان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەلات هەڵگری تۆخمێکی فکریو ئایدۆلۆژیک بێت یان لانیکەم ئەگەر بیرۆکەی وایش لە زەینی هەندێک لە رێبەراندا بووە، توانایی تیۆریزەکردنو راشکاوییەک نەبینراوەو نەنووسراوە. روانگەی دیکەش هەیە کە هۆکارەکانی دابڕانی حیزبەکان، بۆ قەیرانی شکستی پرۆژەی شەڕی ئامریکاو کاریگەریی لەسەر ناسیونالیزمی کورد دەگەڕێنیتەوە، کە ئەویش پێموایە روانگەیەکی دەرهەستاوی(انتزاعی)و دوگماتیستییە کەخۆیشی لە قەیرانی قووڵی فیکریو ئەگەری لێکترازاندایە.

**پرسیار؛ پێتان وانییە کە ئێوە لە گوتارێکی چەپی رادیکاڵەوە پاش جیابوونەوەتان لە حیزبی کۆمۆنیست (ساڵی 2000) تووشی گوتارێکی موحافیزەکارانە هاتوون و تەنانەت لە نێوان مەسەلەی چینایەتی و نەتەوەیدا تووشی پارادۆکسێکی گوتاری هاتوون؟**

**سالار پاشایی؛** پێموانیەو لە سەر ئەو قەناعەتەش نیم کۆمەڵە ئەو جۆرەی جەنابت دەرەنجامت وەرگرتووە لە هەڵسەنگاندنێکی نالۆژیکی کە لەسەر جیاوازی عەرز تا ئاسمانی ئەم دوو چەمکە بە بێ لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنەو بێ فاکت، وەک پێناسە فکریو سیاسییەکەی وەها حوکمێکی لەسەر بدرێت. بۆ روونکاکی خستنە سەر ئەم باسە ناچارین لە فاکت هێنانەوە لە لێکدانەوە تیۆرییەکانی بیرمەندانێکی وەک مارکس کە کاتی خۆی ئاماژەی بەوە داوەو دەڵێ"هێزە چەپ و رادیکاڵەکان واتە ئەو هێزانەی نەقدی بنچینەیی کێشە کۆمەڵایەتیی‌و سوننەتە کۆنەکانی کۆمەڵگا دەکەن، لە هەموو جێگەیەکی جیهان وەک یەک نینو پارامێترە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکو دۆخی سیاسی تایبەت بەو شوێنە، دەخوازێ کە ئەو هێزانە لێکدانەوەی دیاریکراویان هەبێت لەسەر هەلومەرجی دیاریکراو"، واتە رەنگە لەهەندێک ولاتدا لە نێو بزووتنەوەکە خەباتی نەتەوەیی نەتەوەی ستەملێکراو لەپێشەوەی هەموو خەباتەکان بێتو رەنگە لەولاتێکی دیکە خەباتی چینایەتی، پرسی سەرەکی بێتو کرێکاران کردەگەری رزگاری بنو ستەمی نەتەوەیی لە ئارادا نەبێ، رەنگە لە هەندێ ولاتی تریشدا گەلێک خەباتی دیکە وەک خەبات بۆ رزگاری ژنان لە دەست چەوساندنەوەو کۆنەپەرەستیو پیاوسالاری لە ئارادا بێت. گرنگ ئەوەیە بە پێی تێگەیشتن لە دیالێکتیکی کێشەکانی نێو کۆمەڵگاو بە تێگەیشتنێک کە تۆ لە دەزگاو دنیابینی فیکری خۆت هەتە، سەرجەم

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

کێشەو ستەمەکان تەحلیل بکەیتو ڕێگەچارەی گونجاو بکەیتە سیاسەتی حیزبەکەت لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاری. لە لایەکی دیکەوە پێویستە پێگەی ئینسانەکان وەک سوژەی ئەقلانیو کردەگەریی سیاسی نێو خەباتەکە دروست بنرخێنیتو دەرکێکی زانستیت لە پێوەندی نێوان ئەمری خەباتو کردەی سیاسی سوژەی خۆوشیاری کۆمەڵگا هەبێت لە پێناو سیاسەتێکی ڕزگاریدەرانەدا(لێرەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان). هەروەک سلاڤۆی ژیژەکیش دەڵێ "تێگەیشتنو ئەخلاقی سپینۆزایی بۆ لێکدانەوە کە خاڵییە لە ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانە، بە شوێنیکمان ناگەیەنێتو ڕەنگە خۆی هاوتەریب کات لەگەڵ ڕوانگەو کولتووری دژەجوویی لە جیهان کە ئەمڕۆکە لە ناخی زۆر موناسەباتی کۆمەلاَیەتییدا خەوتووە". ئەگەر لە زۆر ڕوانگەی ئاوێتە بە پۆست مۆدێرنیزم گەڕێین کە دژی هەر بنەمایەکی فکری دیاریکراوە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکانی کۆمەڵگا، ئەوە هێشتا دەتوانین بڕوامان بەم وتەی هورکهایمر ببێت کە لە ساڵی 1930دا دەڵێ "ئەوەی لە بەرانبەر نەقد کردنەوەی نیزامی کۆمەلاَیەتی سەرمایەداریدا بێ دەنگ بێت دەبێ لە بەرانبەر فاشیزمیشدا بێ دەنگ بێت"

هەر بۆیە لەسەرە ئەو باوەڕەم تێگەیشتنی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگاو ئەو جوگرافیایەی لە پێناو ڕزگاری لە هەموو ستەمەکان خەباتی بۆ دەکەیت، خۆی لە ناخی خۆیدا هەڵگری ئانتاگونیسمو کۆمەڵێک کێشەی پارادۆکسیکاڵە، تێگەیشتنێکی چەپو ڕادیکاڵو مۆدێڕنە کە مەودایەکی یەکجار زۆری لەگەڵ موحافەزەکاری(بەپاریز)و ڕوانگەی ڕاستو نالۆژیکی هەیە. پەسەندکراوەکانی کۆنگرەوکونفرانسەکان، خەباتی بە کردەوە لە پێناویداو خیتابی سیاسی ڕێبەرانی لە ڕاگەیاندنەکانیەوە، بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستییە مێژوییە. خەبات بۆرزگاری نەتەوەیی، چینایەتیو ڕزگاری ژنانو سەرجەم کێشە سیاسیوکۆمەلاَیەتییەکان، سالاَنێکە سیاسەتە ڕەسمییەکانی کۆمەڵەی پێک هێناوە وەک گوتارێکی ئەقلانیو لۆژیکی بە پێچەوانەی گوتاری بنەڕەتخوازانەی نائەقلانیودەمارگرژ(ڕوانگەی بەپاریز). لەم نێوەدا کێشەیەک نابینم مەگەر ڕوانگەیەک کە خۆی تووشی هەڵە بێت لەهەڵسەنگاندنو لێکدانەوەدا.

**پرسیار؛ بۆچی ئەو پەلامارانەی کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە دەیانکاتە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئێستا ئەو گرنگایەتییەیان لە لایەن پارتەکانەوە پێنەدراوە، بەو مانایە ئەمە بۆچی نەبۆتە هاندەرێک بۆ لێک نزیک بوونەوەی پارتەکان لە ڕووی گوتارییەوە؟**

**سالار پاشایی؛** هەرچەند پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان شتێکی تازە نییەو 29 ساڵە سەرکوتگەری درێژەی هەیە، هاوکات پێم وایە لەقاودانی ئەم کردەوانەی ڕژێم لە ڕاگەیاندنە جیاوازەکانی حیزبەکانەوە، ڕەنگدانەوەی باشی بووەو کاری چاکیان لە میدیاکانیانەوە تا ئەو جێگەیەی من دیتوومە لەسەر کردووە_ دیارە زۆرتری پێویستە_، بەلاَم بۆچی نەبۆتە هاندەرێک بۆلێک نزیک نەبوونەوەی گوتارییان؟، پێم وایە خۆبواردنێک هەیە لانیکەم لەنێو ئەو هێزانەی کە هەر ئێستاش هاتوچۆو هاوکارییان هەیە پێکەوە، بەڕاستی دەکرێت لە سەرەتای لێک نزیبوونەوەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

پاش ساڵونیوێک کەرت بوونو لێکترازان، راگەیاندنی هاوبەش، کەمپەینی تەبلیغی هاوبەشو تەنانەت گوتاری هاوبەشیش بە کردەوە دەربێت. لام وایە ئەمە شتێکی مسۆگەرەو دەکرێ بەخێرایی ببێتە ئەمری واقیع، لانیکەم لەسەر ئەو مەسەلە دیاریکراوەی جەنابت ئاماژەت پێداوە. تا ئەو جێگەی بە کۆمەڵە دەگەڕێتەوە، لەسەرجەم دانیشتەکان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، پێشنیاری راگەیاندنی هاوبەش لەدژی پەلاماری بێ شەرمانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان پێیان دراوە، بەلام ئەگەر مەوافەقەتی شەفاهیش بیسترابێت ئەوە بەکردوە دەرنەهاتووە.

**پرسیار؛ ئێمە دەبینین خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان رۆژبەرۆژ لێک نزیکتر دەبنەوە، بەو مانایە هەنگاو بۆ پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش یان با بڵێین بۆ زاڵتر کردنی گوتارێکی "ناسیۆناڵ - لیبڕاڵ"هەنگاو هەڵدەگرن، بەلام بە پێچەوانەوە پارتەکان لەو رووەوە رۆژ بە رۆژ لێک دوور دەوکەونەوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیەکە ئەو چالاکییانەی پارتە کوردییەکان لە چ پێناوێک دایە؟**

**سالار پاشایی؛** منیش پێم وایە خەڵکی کوردستان زیاتر لەهەر کاتێک بەرەو یەکگرتوویی نەتەوەیی دەڕۆن بەلام بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنەکەی بەڕێزت، بڕوام وایە یەکگرتوویەکی نەتەوەیی رادیکاڵە بە دژی ستەمی نەتەوەیی، لەبەر ئەوەی روانگەی"لیبراڵ"، دژی هەر چەشنە خەباتێکی بنەڕەتییە تەنانەت لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، بۆ وێنە لەباری سیاسییەوە روانگەی لیبراڵ دژی خەبات بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامییە، دژی خەباتی چەکدارییەو خوازیاری ریفۆرمی نێوسیستمی بەشێنەییەو هتد. بە زانینی ئەو راستییەی کە یەکگرتوویی هەرچی زیاتری نەتەوەیی بە دژی ستەمی نەتەوەییو بۆرزگاری یەکجاری، مافێکی بێ ئەم لاو لای گەلی کوردە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، قەیرانی دابڕانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، خەسارێکی کوشندەو گەورەیە کە دەبێ بە خێرایی قەرەبوو بکرێتەوەو مەجالێک بە کۆنەپەرەستی و هەلپەرەستی نەدرێت بۆ زەربە لێدان لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانی رۆژهەلات. هاوکات بەڕاستی بە پێویستی نازانم کە جیا جیا کەیسی چالاکی حیزبە سیاسییەکان هەڵبسەنگێنمو لەسەر ئەو باوەڕەم سەرجەم لە بەرەی دژو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دان، جا دیارە هەڵەی ئایدۆلۆژیک، سیاسی، حیزبیو پراتیکی لە نێو پێکهاتەو سیاسەتی پراکتیزەکراوی بەشێکیان دەبیندرێتو پێویستی بە پێداچوونەوەی جیددیو گۆڕانکاری هەیە، دەنا ئەگەری دووپات بوونەوەی خەسارو سەرهەڵدانی بەستێن بۆ لێکترازانو ئینفعال تێیاندا بەرچاو دەکەوێت.

**پرسیار؛ نەبوونی دیسکۆرسی هاوبەش لە نێوان پارتەکاندا، بەپێی ئەو لێک نزیک بوونەوەی خەڵک کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەوەمان پێدەسەلمێنێت کە لە کۆمەڵگای ئێمە، خەڵک لە پارتەکان پێشکەوتووترن، واتە بە پێچەوانەی وڵاتانی دی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پارتەکان پاشکەوتوون و ئەمەش دژ بەو بەها مۆدێرنانەیە کە ئەورۆ باڵی بەسەر کۆمەڵگادا شۆڕ کردۆتەوە، ئایا ئەمە تراژیدیایەکی سیاسی نییە بۆ بەرەو قەیران بردنی دۆزی کورد؟**

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de

**سالار پاشایی؛** لە راستیدا من ئاوا لەم پرسە دەڕوانم کە ململانێیەکی ئاڵۆزو سەخت لەم نێوەدا بوونی هەیە کە لەم ساڵانەی ئەخیردا جاری وابووە لە رووداوێکی دیاریکراودا خەڵک وەپێش کەوتوونو جاری واش بووە حیزبەکانو ئەمە بە شتێکی تاک رەهەندی نابینم _ لام وایە هەردوولا دەبێ تەواوکەری یەک پڕۆسە بن(هەڵبەت ئاشکرایە کە حیزبی سیاسی دەبێ لە ریزی پێشەوەی خەباتەکەدا بێت). دیارە کۆمەڵگای ئێمەش وەکوو هەموو کۆمەڵگایەکی دیکەی مرۆیی لە حاڵی ئەزموون کردنی رەوتی مۆدێرنیتی خۆیەتیو بەرەو گەشەو تەکامول لەم ئاراستەیەدا دەڕواتو بێگومان حیزبی سیاسی کە هەڵینجراوی کۆمەلگایە لەم ساتەوەختە مێژوییە هەستیارە لە چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان، تووشی تراژیکترین دۆخی خۆیان هاتن لە ساڵی رابردوداو قەیرانێکی واقیعیو تاڵو خەمناک بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵە بە حیزبێکی پێشکەوتنخواز و سوننەت شکێن دەزانم، پێموایە ئەم ململانێیەی لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەم پێدا، درێژەی دەبێتو سەرکەوتن بەلایەنێکە کە بتوانێ گوتاری ئەقڵانیو پێشکەوتنخوازانەی خۆی بەرێتە پێش، جا یان خەڵک بن یان پارتەکان کە کاریگەری راستەخۆی هەیە لەسەر دۆزی کورد لە ئێراندا. لە کۆتاییشدا پێم وایە لۆژیکی دروستو هاوتەریب بوونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کوردستانو گەیشتن بەو قۆناغەو یەکگرتوویی هەرچی زیاتری بە کردەوە دەرهاتوو، رەمزی سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانو ئەو حیزبانەیە کە هێشتا تواناییو شانسی سەرکەوتنیان تێدا ماوە.

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de